هونەر ١٢
www.hamoonart.com
ژمارە ١٢

# گۆرانی و سروودی ئایینی، لە گەشە کردندایە یان لە پاشەکشەدا ؟

ئا : یاسین عومەر ئیبراهیم

سروود و گۆرانی ئایینی (( مووەشەحات )) یان ستایشی ئایینی یەکێکە لەو ژانرە هونەرییانەی کە لە مێژە لە هونەری هەموو نەتەوەکاندا جێی خۆی گرتووە و کاریگەرییە زۆروزەبەندەکانی بەسەر ئەوانەی گوێیان لێگرتووە بەجێهێشتووە. مرۆڤی سەرەتایی بۆ نزیکبوونەوە لەخوداکان و بەدەستهێنانی پشتیوانی و خۆدوورخستنەوە لە رق و قینیان و بەشێك لەو سورتانە بوونە جوڵە بە جەستە و بەشێکیشیان بوونە دەنگ . سروود و گۆرانی ئایینی لەم فەزایەدا لەدایکدەبێت و هەمیشە لەهەوڵی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و فراواندا بووە بە زاتی یەزدانەوە. بەڵام دیارە پێبەپێی پێشکەوتنەکانی مرۆڤ و شارستانییەت ئەم هونەرەش گۆرانی بەسەردا هاتووە و پێگەکەی لەبەرز ونزمییدا بووە. بەچاوپۆشین لەو لایەنە مێژووییە هەوڵدەدەین لێردا پلەوپایە و پێگەی ئەم بەشە لە هونەر بخەینە بەر باس و لێدوان.

رەنگە یەکەم پرسیارێك بە خەیاڵی مرۆڤدا بێت ئەوەیە کە ئایا ستایش و سروودی ئایینی لەکەیەوە لە کوردستاندا بوونی هەیە، مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی وەك یەکێك لە دیارترین ئەو هونەرمەندانەی کە لەم بوارەدا کاریان کردووە وتی " ستایشی ئایینی یان سرووده ئاینییەکان لەو رۆژەوە کە مرۆڤ لەگەڵ بارودۆخەکانی ژیاندا گونجاوە و هۆشی لەلای خێر و شەڕ بووە لەبۆنە تایبەتەکاندا هەست و نەستی خۆی بە دەنگ یان ئاواز لەگەڵ ئەو بابەتانەدا وتووە، ئەمەش بەنیازی نزیك کەوتنەوە لە خێرو بەرەکەت و دوورکەوتنەوە لەشەڕ و ئاشووب و چەندین نیازی تر کە مرۆڤ ویستوویەتی لەرێیانەوە ئاسوودە بژی، ئەم حاڵەتەش بەهەمانشێوە بەسەر کۆمەڵگای کوردییدا هاتووە، لەوڕۆژەوەی کۆمەڵگەی کوردی ئاشنای دینداری بووە بەتایبەت دوای هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام جۆرێك لە سیستمی ژیانی نوێی هێنایە ناو کوردەوارییەوە، لەرۆژە پیرۆزەکاندا وەك رۆژی هەینی و جەژنەکانی قوربان و رەمەزان و بۆنەکانی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) و میعراج و هەموو بۆنەکانی تر جگە لە خوێندنی قورئانی پیرۆز دڵیان بەوە ئاوی خواردۆتەوە کە شیعر بەسەر ئەم ئایینە تازەیەدا هەڵبدەن و زیاتر خۆشەویستی خۆیان بۆ پێغەمبەرەکەی نیشانبدەن بەڵکو بەوهۆیەوە خودا لە گوناهەکانیان خۆش بێت و بەبەهەشت شادبن ، دەتوانین هەر بەو شیعرانەش بڵێین ستایشی ئایینی چونکە لە خۆشەویستی و عەشقێکی ئیلاهییەوە دەردەچێت و بەسۆزێکی زۆر تایبەت دەوترێت کە زۆر دوورە لە گۆرانی دونیایی هەرچەندە زۆریش لەو ئاوازە دینییانە هەر لە ئاوازە دنیاییەکانەوە وەرگیراوە بەڵام بە دەستکارییەکەوە کە ئەو سۆزە رۆحییەی پێوە دیارە، مەبەستیش لێرەدا ناوەرۆك و مانای وشەکانە زیاتر نەك ئاوازەکە کە بۆ سەرنجراکێشانی وشەکان بەکاریان هێناوە لەگەڵ چەند ریتمێکی گونجاو کە تا ئەمرۆش هەر باون لەوانەش ریتمی دەروێشی، ئەمە جگە لەو کاریگەرییەی میللەتانی دەوروبەرکە لەسەر کورد هەیانبووە و کورد سودی لەو شێوازە وەرگرتووە کە ئەوان لەم بوارەدا بەکاریان هێناوە جا بەهۆی هەر شتێکەوە بووبێت.. لێرەوە ئەم سەرەتایە وەك بابەتێکی مۆدێرن لەسەرەتای نیوەی یەکەمی سەدەی پێشوو زیاتر بەرجەستەبوو کاتێك بەهۆی رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە بڵاوبوونەوەی ئاسانتر بوو "

دەبێت خەسڵەتەکانی مووەشەحاتی ئایینی چی بن و ئایا ئەم هونەرە بەچی لە گۆرانی ئاسایی جیادەکرێتەوە ؟ دانا مستەفا وەك یەکێك لەدیارترین هونەرمەندەکانی ئەم بوارە وتی " دیارە هونەری هەر میللەتێك کۆمەڵێك خەسڵەت و جیاکاری خۆی هەیە کە بەهۆیەوە لە هونەری میللەتانی تر جیادەکرێتەوە، هونەری ئێمەش بەدەر نییە لەمەو چەندین ستایلی جۆربەجۆری تێدا دەبینرێت وەك ستایلی نیشتیمانپەروەری و مەدح و دەربرینی هەستی خۆشەویستی بۆ بەرامبەر و چەندین بابەتی تر هەڵبەت ستایلی گۆرانی ئایینیش بەشێکە لەو هونەرە رەسەن و جوانانەی نێو موزیکی کوردی کە ئەمەش بەوە جیادەکرێتەوە لە بەشەکانی تر کە زیاتر رەهەندێکی رۆحیانەی هەیە و باس لە پەیوەندی مرۆڤ بەخوای خۆی و قسەکردن لەگەڵ یەزدان و رەوشتە راست و دروستەکانی مرۆڤ دەکات و مرۆڤ کاتێك تێکەڵی ئەم فەزایە دەبێت دەتوانم بڵێم تێکەڵ بە پاکی و بەرائەت دەبێت. هونەری تەواشیحی دینی هونەرێکی زیندوو و پاراوە و عەشقێکی پاك و ئەبەدی و ئارامییەکی جاویدانی تیا بەدیدەکرێت "

دیارە ئەم هونەرە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و پتەوی بە ئایینەوە هەیە و زۆرتریش پەیرەوکەرانی ئایینە جیاوازەکان خەریکی ئەم هونەرەن، ئایین هەمیشە سنووردانەرە و جیهان بۆ رەشوسپی دابەشدەکات و هەندێکجار پڕە لە رقوقین بەرامبەر ئەوانیتر، ئایا ئەمە تاچەند کاریگەری بەسەر مووەشەحاتی دینییەوە هەیە؟ دانا لەوەڵامدا وتی " ئایین مەودایەکی بەرفراوانی هەیە و هەمیشە پێویستییەك بووە لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی مرۆڤ، مرۆڤ لەهەموو سەردەم و زەمانە جیاوازەکاندا بۆی گەڕاوەتەوە، بەبڕوای من ناکرێت ئەم دابەشکردنەی دنیا بەسەر ئاییندا بسەپێنین چونکە ئەوە شوێنکەوتەکانی ئەم ئایینانەن کە ئەم کارە دەکەن، لەلایەکیتریشەوە مووەشەحاتی دینی کار لە سەر ئارامکردنەوەی مرۆڤەکان دەکات و بێگومان بەدەریش نەبووە لەوەی کە بشێوێنرێت وەك هەر ستایلێکی تری گۆرانی و موزیکی کوردی، هەڵبەت لەمرۆدا سیاسەت رێڕەو و جوڵەی موزیکی کوردی بەدەستە و ئاقاری راستەقینەی بە هونەرەکان گۆڕیوە، دەکرێت ئەم هونەرانە وەك خۆیان تەمشاشابکرێن لە گرنگیپێدان و ئاوڕلێدانەوەیان. مووەشەحاتی ئایینی لێرە ستەمی لێکراوە و وەك خۆی و بەپێی ئەو مێژووە دێرینەی کە هەیەتی مامەڵەی لەتەکدا ناکرێت "

ئێمە لێرە لە کوردستان هەمیشە کە گوێمان لە گۆرانییەکی ئایینی دەبێت بەتەنها هەستی ملکەچیی و بەکەمزانینی مرۆڤ و ترس لە دۆزەخمان گوێ



لێیە و زۆر کەمتر هەستەکانی وەك خۆشەویستی و هاوبەرابەری خودا و مرۆڤ و گەشبینی و رێزی مرۆڤی تیایدا رەنگیداوەتەوە، سەبارەت بەمە دانا وتی " ئەمەش حاڵەتێکی لاوازی ئەم هونەرەیە کە هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ جولێنەران و ئەوانەی لەم بوارەدا کاردەکەن کە نەیانتوانیوە هونەرەکە بەشێوەیەکی جوان تەوزیفبکەن ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ کەم سەلیقەیی و تێنەگەیشتن لەم بەشە فراوان و پڕ رۆحە. دەکرێت هەستەکان دەربری خۆشەویستی و گەشبینی بن نەك خۆبەکەمزانین چونکە خوای گەورە مرۆڤی بە گەورەیی و رێزی زۆرەوە خەڵقکردووە، ئەم حاڵەتە ناکرێت وەك حاڵەتێکی لاوازی لەم هونەرە گەورەیەدا سەیر بکرێت چونکە ئەم ستایلە لە گەورەیی پڕییدا تەواو جێگیرە، من هەمیشە دەڵێم دەبێت ئێمە لەخۆشەویستییدا خودا بپەرستین نەك لە ترسدا "

هەمیشە هونەرەکان لە پاشەکشە و فراوانبووندا دێن و دەچن، ئەگەر لە رابوردوویەکی دووردا ئایین سەرتاپای هونەر و موزیکی کوردی داگیرکردبێت ئەوا لەمرۆدا تاراددەیەك پاشەکشەی کردووە، با بپرسین ئێستا بارودۆخی مووەشەحات وەك هونەرێك لەچییدایە؟ لە کوردستاندا تا چەندێك گرنگی بەم هونەرە دەدرێت و بواری داهێنان و بەرە و پێشبردنی بۆ دەرەخسێنرێت ؟ دانا مستەفا لەم بارەیەوە وتی " ئێستا نەك لە کوردستان بەڵکو لە جیهانیشدا مووەشەحات وەك هونەرێك جوڵەیەکی تێکەوتووە و بەشێوازی نوێ و دەربرینێکی نوێوە پێشکەشدەکرێت، ئەم جوڵەیەش کاریگەرییەکی رێژەیی هەیە لەسەر کوردستان و چاوەروانی باشتربوونیشی لێدەکرێ. بەداخەوە دەتوانرا تا ئێستا گرنگییەکی زیاتر بەم هونەرە بدرایە بەڵام بەهۆی پشت تێکردنی هەڵسورێنەرانی موزیکی کوردی ئەم هونەرە لە دۆخێکی لاوازدایە و ئامادەییەکی تەواوی نییە، جگە لەمەش راگەیاندن بە هونەرێکی لاواز و داکەوتوو پەککەوتووی لەقەڵەمدەدات و زۆر مەوسمیانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات؟. بۆ نموونە کەناڵەکانمان جگە لە رەمەزان بیری ئەمجۆرە هونەرەیان ناکەوێتەوە کە ئەمەش لەخەمخۆرییانەوە نییە بەڵکو تەنها بۆ پڕکردنەوەی پێڕستی بەرنامەکانیانە، بەڵام ئەگەر سەیری هەندێك وڵاتی دنیا بکەین زۆر بە گەورەیی تەماشای ئەم هونەرە دەکەن بۆ نموونە لە میسر و تورکیا و مالیزیا.. ئەوان زۆر ئەکادیمیانە و بەپێی پرۆگرام مامەڵە لەگەڵ ئەم هونەرەدا دەکەن، بەڵام لای خۆمان هیچ بوارێکی داهێنان و بەرەوپێشبردنی بۆ نارەخسێنن "

سەبارەت بەداهاتووی ئەم هونەرەش دانا وەك گۆرانیبێژێك کە بۆماوەی دە ساڵ دەچێت لەم بوارەدا کاردەکات و خاوەنی هەوادارێکی زۆریشە وتی " بەبڕوای من مووەشەحات و کاری دینی لەداهاتوودا پێشکەوتنێکی بەرچاو و شیاو بەخۆیەوە دەبینێت و هەوڵی جددی لە ئارادایە بۆ کارکردن لەم بوارەدا چ لە جیهان بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی، ئێمەش وەك کارەکتەرێك لەم بوارەدا لەهەوڵداین بۆ بەرەوپێشبردنی کە ئەمەش بەتەنها ناکرێت و پێویستمان بەلاکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە کەسەرقاڵی کاری هونەریین. من هەنووکە لەگەڵ هاورێ و خۆشەویستم مەروان حەمە خورشید لەم قۆناغەدا پرۆژەی دوو سیدی کاری تەواومان دەبێت لە تورکیا کەئەمەش هەلێکی باشە بۆ دووبارە سەرپێخستنەوەی ئەم ستایلە لە کوردستاندا "

سەبارەت بە ئەرکی لایەنە پەیوەندیدارەکان و پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان لەهەمبەر ئەم هونەرەدا دانا مستەفا وتی " ئێمە خۆمان بەکەسێکی سەیر و جیاکراوە نازانین و بیرکردنەوەشمان ئەوەیە کە لەگەڵ هەموو هونەرمەندانی تردا لەیەك چوارچێوەدایین کە هەریەکەمان شێوازێك لە هونەر دەکەین و هەموومان بەگشتی کار بۆ بەرزکردنەوەی ئەم هونەرە دەکەین بۆیە دەبێت بەیەکسانی تەماشا بکرێین لەلایەن موزیکساز و ئەوانەی کە لە هونەرەجوانەکاندا خەریکی کارکردنن بەمەش هەموومان کاردەکەین بۆ بەرزراگرتنی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی کە ئێستا پەرت و بڵاوییەکی پێوە دیارە و پێویستی بە سیاغە و سەرلەنوێ نۆژەنکردنەوەی جددی هەیە "

دیاری قەرەداغی وەك هونەرمەندێك کە هەم ئاوازی بۆ ئەم جۆرە هونەرە داناوە و هەم خۆشی لەو بوارەدا گۆرانییەکیان بڵاوکردۆتەوە، سەبارەت بەو پرسیارەی کە بۆچی هونەری مووەشەحات رووبەرێکی کەمی لە گۆرانی و موزیکی کوردی داگیرکردووە و تا ئێستاش هونەرێکی پەراوێزی و پشتگوێخراوە، وتی " دەشێت لەو روانگەیەوە بێت کە بنەچەی ئەم هونەرە بگەرێتەوە بۆ سەرچاوەیەك کە نامۆبێت بە ژیانی کوردەواری و درەنگتر بۆ خەڵکی کورد قوت بچێت.. لەلایەکیترەوە گرنگی ژیانی کورد و بندەستییەکەی بوارێکی وایخوڵقاندووە کە ژیان بەرەو ئاراستەی شۆڕشگێڕانە بەرێت، شۆرشگێڕییەك کە خۆی لە داستانەکانی یاخیبوون و نیشتیمانپەروەرییدا دەبینێتەوە.. بەشێکیتری دنیای کوردەواری بێبەشنەبووە لەو داستان و سەرگوزشتە رۆمانسیانەی وەك لە بەیت و باڵۆرە بەردەوامەکانی خەڵکدا هەن کە زۆر بەروونی گوزارشتن لە ناخی راستەقینەی کەسی کورد "

مامۆستا ئەنوەریش لەمبارەیەوە وتی " کورد میللەتێکی دیندار بووە و لە زووەوە هەموو رۆشنبیرییەکی لە مزگەوتەوە وەرگرتووە و هێزە شاراوەکانی خۆی پێ تێرکردووە ، خەڵکی لەدوای کارەکانیان و سەرقاڵیی رۆژانەیان چوونەتە مزگەوتەکان و بە ئاسانی مەراسیمی ئایینی خۆی جێبەجێکردووە و قورئانخوێندن و نوێژ و بۆنە ئاینییەکانیشیان بۆ ئیسراحەتی رۆحی خۆیان جێبەجێکردووە، بەڵام واخراوەتە بەرچاوی کە گوایە مۆسیقالێدان و گۆرانیوتن حەرامە یان کردەوەیەکە دوور لە ئایین لەگەڵئەوەی کە هیچ دەقێکی قورئانی نەهاتووە کە باس لەو حەرامبوونە بکات. لەبەرئەوە خەڵکی ئەوەندە خوویان نەداوەتە ئەم بوارە تەنها لە بۆنەکاندا نەبێت و دوای بۆنەکانیش ستایشی ئایینی هیچ گرنگییەکی پێنەدراوە تەنها خوێندنی قورئانی پیرۆز نەبێت، لەبەرئەوەیە کە ئەم جۆرە سروود و ستایشانە کەمن. لەکاتێکدا گۆرانی نیشتیمانپەروەری بەرەوەی هەبووە چونکە میللەتی کورد لە هەمووروویەکەوە زوڵملێکراو بووە و بۆ ئازادی خۆی هەوڵیداوە و بە سروودی نیشتیمانی خەڵکی هاندراوە بۆ بەرگری و پاراستنی مافی رەوا و ئازادی و خاکەکەی. بێ لەمەش گەنجی کورد هەر لە گەنجییەوە کە چاوی کراوەتەوە و هەستی بەبازۆڵە و پیاوەتی خۆی کردووە بەشوێن جوانترین لانەی خۆیدا گەڕاوە و بە هەموو هەستێکی خۆی شیعرو گۆرانی بۆ خۆشەویستەکەی وتووە، بەڵام ئەمە تەنها پیشاندانی هەست و ناخ بووە. لەبەر ئەمە چ گۆرانی خۆشەویستی و چ سروودی نیشتیمانی بەشەکەی زۆرتر بووە لە ستایشی ئایینی "

بۆ ئەو پرسیارەش کە بۆچی هونەرمەندە ناودارەکانی کورد سڵ لەم هونەرە دەکەنەوە و بەدەگمەن نەبێت کاری تێدا ناکەن، مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی وتی " من وا بیرناکەمەوە کە هونەرمەندە کوردەکان سڵیان لەم بابەتە کردبێتەوە چونکە هەندێك لەگۆرانیبێژە کۆنەکانمان هەریەکەیان جا لەبەر هەر هۆکارێك بووبێت وەك دەڵێن بۆ خوێی چێشتیش بێت ستایشێکیان هەر وتووە، ئیتر رەنگە من بڵێم رەنگە لەبەر بێبڕوایی بێت بەم بابەتە کە هەندێکیان گوێ بەم بابەتە نادەن، یان رەنگە لەبەر ئەوەبێت کە بەستایلی خۆیانی نازان یان پێیناوێرن یاخود لایەنە رۆحییەکەیان لاوازە و ناتوانن بەراستگۆیی لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا بژین .. لەلایەکیترەوە زۆر لە هونەرمەندانی ئێستا رەنگە ترسیان لەوە بێت کە بەهۆی وتنی ئەم ستایلەوە بەجۆرێکیتر لێیانتێبگەن ئەمەش بەتایبەتی دوای ئەوەی دین داخڵی سیاسەت بووە و هەندێك لەوانە سڵ لەمە دەکەنەوە "

هونەرمەند دیاری قەرەداغیش لەمبارەیەوە وتی " رەنگە پەینەبردن بێت بەو دونیا رۆحییە، یان ترس بێت لە وابەستە بوون بە سیاسیبوونی لایەنێکی رۆحی، یان زاڵبوون و سەپاندنی ئایدیا جۆراوجۆرەکانی تر بەسەرماندا کە بەجۆرێك لەجۆرەکان دەبنە رێگر.. یان شەرمکردن لەوەی دەستبەرین بۆ ئەم لایەنە .. چونکە هەمیشە زۆرینەی خەڵك ئەم لایەنە ژیانییە رۆحییە بەجۆرێك ئەیچوێنن کە ئەمە گەرانەویە بۆ مێژوویەکی کۆن و دواکەوتوو "



دیاری وەك هونەرمەندێك لەم بوارەدا رۆڵێکی هەیە هەم بە ئاوازدانان و هەم بە وتنی گۆرانی ئایینیش، ئایا هۆکاری ئەم بەشداریکردنە تەنها ئەوەیە کە لەیەکێك لە بنەماڵە گەورە و ناودارە ئاینییەکانی کوردن یان هۆکارێکیتر ؟ دیاری دەڵێت " دەشێت ئەمە هۆکارێکی گەورە بێت کە بەجۆرێك رەنگدانەوەی راستەوخۆی هەبێت لەسەر ژیانی تاکەکانی ناو خێزانێك.. بەڵام دیارە هۆکاری گەورەتریش هەن .. وەك وابەستەبوونی رۆحی و درککردن بە پەنهانی و سیحر و تەلیسمی ئەم دونیایە کە تۆ وەك بوونەوەرێك چۆن دەتوانیت کەونێك، جیهانێك لە رەهەندێکەوە گوزارشت بکەیت.. پاشان پرسیارێك من لەتۆی بکەم ئایا ئەگەر گۆرانییەك لەرێگەی عیشقەوە گوزارش بکات دەبێت هەر عیشق بێت بۆ ژن .. ئەی عیشقی خواوەند کە دروستکەری سەرجەم جوانییەکانە بەس نییە هەموو گیانت بخاتە سەراپای داهێنان .. " هەمان پرسیاریش بۆ مامۆستا ئەنوەرقەرەداغی هەر دەگونجێت، ئایا هۆکاری ئەوەی کە لەم بوارەدا کاریکردووە چییە ؟ لەبەرئەوەی سەربە بنەماڵەیەکی ئاینییە یان هۆکارێکیتر ؟ مامۆستا وتی " من زۆر شانازیی بە بنەماڵەی خۆمەوە دەکەم کە بنەماڵەیەکی ئاینین و پەروەردەی شیرێکی خاوێنم کە لەسنگی دایکێکی وێڵ بەشوێن حەقیقەتدا خواردوومە و فێری رەوشتێکی کوردەواری جوانی کردووم، بێگومان رەنگە خۆشەویستیشم بۆ ئایینی ئیسلام هۆکارێك بێت، بەڵام لەهەمانکاتدا وام هەست کردووە کە بۆشاییەك لە هونەری مۆسیقاماندا هەیە لەم بوارەدا کە دەکرێت پڕبکرێتەوە بۆیە هەرلەبەر ئەو هۆکارە دەروونیانە زۆربەی زۆری ئەو ستایشانەشم بەدەنگی خۆم وتووە چونکە وا هەستدەکەم زۆر لەگەڵیدا راستگۆم و ئەو راستگۆییەشم وایکردووە بە ئاسانی بچێتە دڵی خەڵکەوە "

سەبارەت بە داهاتووی ئەم هونەرەش مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی وتی " رەنگە ئەمە زۆری بوێت لەسەر برۆین، بەڵام بێگومان وا هەستدەکەم پەراوێزدەکەوێت و گەر واش بروات گۆرانی ئایینی بەرەو نەمان دەچێت بەتایبەت گوێم لە هەندێك لەو ستایشە ئاینیانە دەبێت دەبینم هیچ بنەمایەکی ئاواز یان دەنگخۆشی و تەنانەت هەندێکجار بەزمانی سەردەم نادوێت، ئەمانە وادەکات خەڵکی وەك پێویست گوێی بۆ نەگرن، کەواتە دەبێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، ئەمەش بەوەی بە چەمکی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بەزمانی سەردەم ئەو سروود و ستایشانە بڵێین نەك بەشێوەیەك لەگەڵ وتنییدا گوێی لێوەرچەرخێنین "

سەبارەت بە داهاتووی ئەم هونەرە و ئەرکی دەزگا و دامەزراوە هونەرییەکانی کوردستان لەهەمبەر ئەم هونەرەدا چییە؟ ئایا ئەرکیان هەوڵدانە بۆ تەحجیمکردن و پەراوێزخستنی یان برەوپێدان و گەشەپێکردنی، هونەرمەند دیاری قەرەداغی وتی " گرنگ ئەوەیە بۆ مەرامی ئایدۆلۆژی قۆرخنەکرێت.. چونکە پەیبردن بە جیهانی ناخ و تەسەوف بوون بەرووی حاڵەتەکاندا زۆر گەورەترە لەوەی دەستەیەك بەکاری بهێنن بۆ مارشی ئایدۆلۆژی بوونی خۆیان بۆیە راستگۆیی لە گوزارشتی ناخەکان هەموو دەرگاکانی ئایدۆلۆژی بنبەست دەکات "